# دۆزی د.کەماڵ لە نێوان براوەو دۆڕاوەکاندا

**عەلی مەحمود محەمەد**

ژوری زیندانەکەی د.کەماڵ زۆر ڕەنگی جۆراوجۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە , جارجارەش خۆی دەکرد بە ناو کۆڵانی تەنگەبەری شەڕی ساردی ینك و پدك یشدا .

ئەوانەی پشتگیری ئەو دۆزەیان دەکرد تێڕوانینیان جودا بوو بۆ کێشەکە , دەتوانیین بەم شێوەیە پۆلێنیان بکەین :

- **بەشێکی باشیان لە کەسانێك پێك دەهاتن لە ئازادیخوازییەوە پشتگیرییان لە دۆزەکە دەکرد , ئەمانە پەیامێکی مرۆڤدۆستانەیان پێ بوو , هەڵوێستی د.کەماڵ لە دوای بەربونیان شۆکیانی نەکرد , بەڵگە خۆیان بە براوە دەزانی , هەر ئەمانیش براوە بوون .**
- **بەشێك لەوانە لە ئانتی پارتی و ئانتی بارزانییەوە پشتگیریان لە د.کەماڵ دەکرد , بەلای ئەمانەوە ئازادی نرخی نەبوو , ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بوو د.کەماڵ کرا بە بەردەبازێك بۆ هێرشکردنە سەر پارتی , ئەمانە کە د.کەماڵ دوای بەربوونی لێیان جیا بوەوە ,ئیتر دۆزەکەو د.کەماڵ نرخی لایان نەما و کەوتنە جنێو دان پێی .**
- **بەشێك لەوانە لە ئانتی ناسیۆنالستی و ئانتی دەسەڵاتی کوردییەوە سەیری دۆزەکەیان دەکرد , نەك لە ئازادیخوازییەوە , بەهانەیەك بۆ ڕەخنەگرتن .**

## کێ داکۆکی لە د.کەماڵ کرد

**ئەگەر بە ئارشیفی هەوڵەکاندا بچینە خوارێ لە سەرەتای دۆزەکەوە , هەفتەی یەکەمی ڕوداوەکە , ئەم لایەنانە کاری باشیان کرد بۆ دۆزی د.کەماڵ :**

- **ڕۆژ تیڤی .**
- **کوردستان بۆنایتید( شەش مانگ هەولی شەو ڕۆژی بۆتین ) .**
- **سایتی کوردستان ئانان ( دەنگی سەربەخۆ) .**
- **ماف پەروەر و کەسایەتی ئازا و ئازادیخواز خاتوو (ویداد عەقراوی ).**
- **پارێزەر نوری عومەر لە نەمسا .**
- **کوردستان پۆست .**
- **نووسەرەکان ( لە ئارشیفدا دەتوانیین ناوەکانیان بدۆزینەوە ) .**
- **ناوەندی هەڵەبجە (چاك) ( بە تایبەت قادر نادر – هیوا ناسیح )( بەشی زۆری کارە پراتیکییەکانیان ئەنجامدا وەك پەیوەندی بە خاچی سوور , مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان , ئەمنستی , ڕۆژنامەوانان و نووسەران و پارێزەرانی بێسنوور , نووسەرانی عەرەب , حکومەت و ڕاگەیاندن و پەرلەمانەکان , پێنی نێونەتەوەیی ……… (کاری بەردەوامی سایتەکەی ) .**

**گرنگترین کار کە ئەنجامدرا ئەوەبوو ڕێگە گرترا لە کوشتنی د.کەماڵ لە ڕۆژەکانی یەکەمی گرتنەکەیەوە , دیارە بڵاوکردنەوەی هەواڵی گرتنەکەی لە کوردستان نێت کارێکی پۆزەتیڤی هەبوو لەسەر نەکوشتنی ( من یەکسەر وەڵامم لەسەر شێوەی نووسینی ئەو هەواڵە دایەوە ) , بەڵام بۆ بڵاوکردنەوەی خۆی برازیمە بوو بۆد.کەماڵ. ئەوە یەکەمجار بوو لە مێژووی 45 ساڵەی پارتی , کەسێك ئەو هێڵە سورانەی پارتی ببەزێنێت و ئەنجامەکەی بە مەرگی نەگات, دەسکەوتی نەکوشتنی د.کەماڵ لە سەرەتای گرتنییەوە , گەلێك گەورەتر بوو لە پرۆسەی بەردانەکەی .**

پاشان دروستکردنی کامپینی ئازادی د.کەماڵ و کاری بێ پشووی خەتاب سابیر و د.بورهان یاسین و ژووری کوردستان یونایتید بەردەوام ڕوحی دەکرد بە بەر هەوڵەکاندا , بەڵام دوای خۆپیشاندانەکەی هۆڵەندا بۆ بەردەم باڵوێزخانەی ئەمەریکا و قسەکردن لەگەڵ باڵوێزی ئەمەریکا لە لایەن بەرپرسی چاك لە هۆڵەند ( ئەمیر قادر) و چەند بەرپێزێکی دی , نووسینی وتاری حکومەتی ئەمەریکا لەسەر دۆزەکە و بڵاوکردنەوەی لە ڕادیۆی کوردی ئەمەریکا , دەرکردنی بەیانی فەرمی لە لایەن ئەمنسیتی و دەیان ڕێکخراوی وەك سلم و عەدالەو ڕۆژنامەوانان و ..... نووسینی وتار لە واشنتۆن پۆست کێشەکەی لە ئاستی تەسکی گروپییەوە کردە کێشەی ئازادیخوازی و داد , دیارە **30 زیندانی دانەکەی زۆر مەهزەلە تر بوو لە شاردنەوەی , ئەمە وایکرد د.کەماڵ ڕاستە جەستەکەی لە زیندانی پارتی بوو , بەڵام دۆزەکەی بوو بە کێشەی دادگا و ئازادی لە عێراقی نوێدا .**

## پارتی د.کەماڵی بە جەستە نەکووشت بەڵکە ڕەخنە پەرگیرییەکانی لە ناخیا کوشت

**د.کەماڵ دەبوایا ڕەخنەی لە شێوازی نوسینەکەی خۆی پێش گرتنی بگرتایا , کە ئەوەی هەڵگرت بۆ کاتی گرتنەکەی ئەوە مانایەکی دی دەگەیەنێت , ئەو شتانەی ئەو باسیانی کردبوو لە نوسینەکەی , جێی گرنگی هاووڵاتیانی کورد نییە , نە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل , نە موخابەرات بوون بۆ زلهێزەکان , نە بوونی گێڵ فرێند و ... , ئەوەی بۆ من و ئەوان هەموو کورد , گرنگە ئەو کارانەیە بڕیار وایە لە داهاتوودا بیکات , وەك دیموکراسی و ماف مرۆڤ و ئازادی ودادگا و زیندانی سیاسی و گەندەڵی و دزی و ... .**

**بەڵام کاتێك لە زیندانا ڕەخنە لە خۆی دەگرێت , ئەوە بەشێکی زۆری ئەو پونتانەی کردبووی بە سیمای ئازایەتی دەسڕێتەوە , لێرەوە دابڕانێك لە نێوان ئەو و ئەنتی پارتییەکان دەست پێدەکات .**

**د.کەماڵ هەرچی بکات و هەرچی بڵێت , بەربوونی سەرکەوتنێك بوو بۆ ئازادی و سستەمی دادوەری لە کوردستان , دەرکەوت دیموکراسی و دادگای ئێستای کوردستان درۆیە و بونیان نییە .**

**ئێستاش دەڵێم قۆناغی دوای گرتنی د.کەماڵ بۆ ئازادی و سستەمی داد , جیایە لە قۆناغی پێش گرتنی , د.کەماڵ بە نەرمبوونەوەی تەنها ڕابەری بوونی لە جەستەی خۆی کووشت , بەڵام وەك سومبول و سیمایەك بۆ ئازادی هەر لە شوێن خۆیەتی , نەبوو بە ڕابەری ئازادیخوازی بەڵام بوو بە سومبلی ئازادی و سستەمی دادوەری .**

**ئێمە کارمان بەوەوە نییە د.کەماڵ چی دەڵێت و چی دەکات , بەڵام ئەوە دەزانیین فشاری ئازادیخوازی ئەوی لە زیندان هێنایە دەرەوە , بۆیە لەم ڕۆوە ئەو کوڕی ئازادییە نەك کوڕی سەید قادر , کوڕەکەی سەید قادر لەگەڵ گرتنی شەهیدکرا , ئەوانەی ڕوحیان خستەوە جەستەی د.کەماڵ ئازادیخوازان بوون , بۆیە نەوەی ئەوانە .**